# کوڕی باران و خۆر



ڕۆژێك پەلكەزێڕینە بە ماتییەوە سەیری ئەملاو لای خۆی دەكرد. باڵندەكانی دەبینی كە بە بەردەمیدا لە شەقەی باڵیان دەداو گاڵتەوگەپیان دەكرد. پۆلێك قاز كە بە نزیكیدا تێپەڕین، پرسیان: **بۆچی ماتی؟** پەلكەزێڕینە بە نیگەرانییەوە سەری هەڵبڕی، لەو كاتەدا فرمێسك لە چاوەكانی دەباری. قازەكان وتیان: **پێمان بڵێ چی ڕویداوە؟**





پەلكەزێڕینە پاش ئەوەی دوو جار پژمی، وتی: **باران چەند ڕۆژێكە جلەكانی تەڕكردووم. سەرمام بووەو توشی هەڵامەت بووم.** قازەكان وتیان: **گوێ مەدەرێ، ئێستا جلەكانت وشك دەكەینەوە.** ئنجا بە دەیان قاز جلە ڕەنگاوڕەنگە درێژەكەیان بە دەنووك گرت و لە ئاسمان بەرامبەر بە خۆرەكە هەڵیانخست.